KURDISTAN NET
کوردستان نێت
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:40 21-7-2007

## تاکەی خواردەمەنی بەسەرچوو لەبازارەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێت؟:-محەمەد نەجات

ماوەیەکی زۆرە لەبازارەکانی کوردستانداخواردەمەنی بەسەرچوو دەفرۆشرێن وەك  (شیر و کێك و




چبس و شەربەت) هتد ئەم خواردەمەنیانەش کەلەوڵاتانی دراوسێوە وەك و (ئێران و تورکیا) وەبۆکوردستان دەگوازرێنەوە هەرە زۆریان تەمەنی بەسەرچووە و چاودێری وەزارەتی تەندروستی هەلمەتی سوتاندنی ئەم خواردە مەنیانە ئەنجام ناداتوو پێش ماوەیەك لەشاری سلێمانی کۆمەڵی خواردەمەنی ماوە بەسەرچوویان سووتاند بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر ئاگاداری سنوورەکانی هەرێمی کورستان بێت بەتایبەتیش سنوورەکانی (ئێران و تورکیا) ... جگەلەخواردەمەنی زۆرشتی تریش بۆهەرێمی کورستان دێت وەك و داوودەرمان ئایا. ئەوکەسانەی کەوا لەسەرسنورەکانن ئەوداو دەرمانانە دەپشکنن... ؟ ئایا دەزانن ئەو داودەرمانانە ماوەیان بەسەر چووە یان نا یاخود ئەوکە سانەی کەوا ئەم خواردەمە نیانە دەهێنن شارەزاییان هەیە لەم دەرمانانە یان نا. یاخۆ تەنها قۆرخ کردنی خەڵکیە وبەس لەلایەنی کۆمەڵك باندی بازرگانەوە کە بێ مۆڵەت دەرمان دەخەنە بازارەوە... ؟ ئاخۆ وەزارەتی تەندروستی بەناو بازارو مارکێتەکانو دوکانەکانی کۆڵانە کاندا دەگەرێ و زۆربەی دوکانەکانی ناو گەرەکەکان خواردەمە نیەکانیان ماوەی بەسەر چووە وتیایدا هەیە دووساڵ یان زیاتر ماوەی بەسەر چووە و ماوەتەوە لەدوکانەکان ئاخۆ تیمەکانی پشکنینی وەزارەت سەردانی دوکانی گەرەکەکان دەکەن یان نا... زۆرلە خواردەمەنیە قوتوبەندەکان لەبازارو دوکانەکانی گەرەکەکان نەفرۆشراوەو تەمەنیان بەسەر چووە ئایا کی بەرپرسیارە لەم کارانە ئایا (وەزارەتی تەندروستی) ئاگادارە... ؟ لەلایەکی تریشەوە ئەم هەموو داوودەرمانە بەسەر چوانە کەلەلای پەرستیارولە ناو بازاردا دەفرۆشری وخەڵکیش بۆ چارە سەری نەخۆشی ئەم دەرمانانە بەکاردەهێنی ئاخۆ زیانی ئەم داو دەرمانە دەبی کاریگەریەکی چی بێت لەسەرخەلکی ئەگەرخەڵکی دەزانی ئەم دەرمانانە ماوەیان بەسەر چووە بۆچی بەکاری دەهێنن... ؟؟؟؟ {... ئەمەش ئەو بەڵگانەیە کەلەبەر دەست دایە... }

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.